# دێرین
Dêrîn

خاوەنی ڕۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : بێستون سابوراوایی

جێگری سەرنووسەر : کاکە عەبە

ژمارە: (1) - سێشەممە 2006/9/5 14ی گەلاوێژی 2706

رۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمڕۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی.


# ئەنفال کێشەی مرۆڤی کوردە!!...

ماوەیەکە سەدام حوسێن و هاوەڵە تاوانبارەکانی لەبەردەم دادگادا بەتاوانی ئەنجامدانیی قەتلوعامی میللەتێك دادگایی دەکرێن.. ئێمەش لێرەدا هێندە مەبەستمان باسکردنی دادگایی کردنەکەو ئامادەسازی کوردانە نییە بۆ ئەم مەبەستە، هێندەی ئەوەی مەبەستمانە کەئێمەی کورد لەهەر جێیەکی کوردستان و دنیادا هەبین پێویستە ئەو کێشەیە بەکێشەی تاکەتاکەی مرۆڤی کوردەواری بزانین لەئێستاو ئایندەیەکی دووریشدا. چونکە ئێستا هەر جۆرە تێبینی و ڕەخنەیەکمان هەبێت لەسەر میکانیزمی ئامادەکردنی شاهیدەکان و جۆری قسەکردن و ئیفادەکانیان، کەپێمان وایە کەموکوری زۆری تێدایە لەلایەنیی کوردی پەیوەندی دارەوە، هیچ لەکێشە بنەرەتیەکە ناگۆڕێت، کە (کێشەی ئەنفال کێشەی هەمووماندو کێشەی مێژووی داهاتووشمان دەبێت)!!!.

(ئەنفال)، یەکێکە لەسورەتاکانی قورئان، کەبەمانای تالانی و دەستکەوت دێت. بەپێی دەقەکانی ئەو سورەتە موسوڵمانەکان لەشەڕی کافرەکاندا بۆیان هەیە ژن و ماڵ و منداڵ و موڵك و داهاتی هەموو کافرەکان بەتاڵان بەرن و بیکەن بەهی خۆیان. حکومەتی بەعسی عێراقیش هەڵمەتی لەناو بردنی میللەتی کوردی ناونا(ئەنفال)و بەپێی دەقە پیرۆزەکان، گەلی کوردی بە کافر لەقەڵەم داو خۆشیان بەنوێنەری پێغەمبەری موسوڵمانان دانا. دەرەنجامەکەشی کوشتنی دەیان هەزار کەسی لێکەوتەوەو بەتاڵان بردنی کچان و منداڵانی کوردیش لەهەمان پرۆسەدا جێبەجێکرا. سەرجەم نزیکەی( 200000) دووسەد هەزار کورد کوژراو زیندە بەچاڵ کراو، زیندووەکانیش بەتایبەتی کچان کرانە کەنیزەك و بەسەرۆك عەشیرەت و سەنتەرە یاساغەکان فرۆشران لەناو عارەبەکاندا.

ئەو هەڵمەتە دوژمن کارانەیە هێندە گەورەو جەرگبڕ بوو کەلەسەر ئاستی نەتەوایەتی کاریگەری سلبی لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی لێکەوتۆتەوەو ئەو کاریگەریەش بەهەموو جەستەی نەتەوایەتیمانەوە دیارە. بۆیە ناکرێ هیچ مرۆڤێکی کورد لە ئێستاو داهاتودا لەئاست کێشەی نەتەوایەتی ئەنفالدا خەمساردی بکات. واتە هەموو کوردێك لێپرسراوەتیەکی ئەدەبی و ڕەوشتئامێزی لەسەرشانە کە؛ کێشەکە بەکێشەی خودی خۆی بزانێت و هەمیشە بەزیندوویی لەویژدانی خۆیدا بیهێڵێتەوەو بەدوای تانوپۆکانی بکەوێت و هەمیشە لێی بکۆڵێتەوەو لەکاتی پێویستیدا هەڵوێست دەربڕێت، هەموو زەرەرو زیانەکانی ئەو تاوانە گەورەیە بەهی خۆی بزانێت، هەوڵبدات بۆکەمکردنەوەی کاریگەری دەروونی لەسەر ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەری کەوتوون و، هەردەم لەفکرو بیر کردنەوەدا بێت بۆ بیناکردنەوەی ئابورییە رووخاوەکەی ناوچەکانی ئەنفال و، بیرلەوەش بکاتەوە بۆماوەی 10 ساڵی داهاتوو، ژمارەو تۆرەمەی کورد زیاد بکات و ڕێژەی منداڵبوون زیاد بکرێت لەکوردەواریدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو قوربانیانەی لەدانیشتوانی کورد کەمبۆتەوە، ئەوەش نەخشەو پلانی نوێی گەرەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە ئەو حکومەتەی کوردەواری لەپێش هەمووانەوە ئەو جۆرە لێپرسراوەتیەی لە ئەستۆیە!!..

دێرین

## کاك عومەر فەتاح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت بۆ دێرین:

# ئەو کوردانەی لەریزەکانی (ئەفواج خەفیفە) دا بوون بۆیان نیە خۆیان ناونوس بکەنەوە

پاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە بلاوبۆوە کە حکومەتی عێراقی لەبەغدادەوە بڕیارێکی دەرکردووە بۆ ئەوەی (قەوارە هەلوەشاوەکان)ی حکومەتی روخاوی بەعس بەسەرکاتەوە و ناونوسی ئەندامەکانیان بکاتەوە وەکو ئەفواج خەفیفەو هێزەکانی حەرەس جمهوری و هتد..ماوەی کارکردنیان لەو شوێناندا بەخزمەت بۆ حساب بکرێت وە ئەگەر لە 15ساڵ زیاتر پێشینەی کار کردنیان هەبێت خانەنشین دەکرێن. بۆجێبەجێ کردنی ئەو بریارەش نوسینگەی تایبەت لەشارەکانی عێراقدا کراوەتەوە و لە هەولێریش بۆ ئەو مەبەستە نوسینگەیەك کراوەتەوە و لیوا فارووق موفتی بەڕێوەی دەبات، دەربارەی ئەوەی پەیوەندیدارە بەو کوردانەی لەفەوجەکانی خەفیفەدا و دام و دەزگا داپلۆسێنەکاندا خزمەتی رژێمیان کردووە، تاکو 2003/4/9 (رۆژی روخانی حکومەتی بەعس). بەڕێز کاك عومەر فەتاح لەپەیوەندیەکی تایبەتدا لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەی (دێرین) وتی: (ئەو بریارە ئەو کوردانە ناگرێتەوە کە لە فەوجەکانی خەفیفەدا کاریان کردووە) هەروەها ئاماژەی بۆ لێدوانە رەسمیەکەی قسەکەر بەناوی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کرد، کەئەگەر هەر کوردێك هەولبدات لەو فەرمانگەیە خۆی ناونوس بکات و بیەوێت خزمەتی (چەکداری بۆ رژێم) زیندوبکاتەوە بۆ هەرمەبەستێك بێت، ئەدرێتە دادگاو مافی لێبوردنی گشتی کە سەرکردایەتی کورد دەری کردبوو، نایگرێتەوە..

# پێشمەرگەکانی سەکۆی ئازاد پەیوەندیان بە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە کرد



لە ئەنجامی رونکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە داواکانیان، پێشمەرگە دێرینەکانی سەکۆی ئازاد بڕیاریاندا، بەشێوەیەکی بنەرەتی و یەکجارەکی بچنە ناو کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانەوە.

رۆژی 2006/8/26 بەڕێزان محەمەد تەیب جێگری سەرۆکی کۆمەڵە و خالید مەلا عەبدولا راستەو خۆ لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی سەکۆی ئازاد کۆبونەوە..

پاشان دوای تاوتوێ کردنی خواست و داخوازیەکانیان لەلایەن بەر پرسانی کۆمەڵەوە، پێشمەرگە دێرینەکانی سەکۆی ئازاد کۆتاییان بە کەنار گیری خۆیان لەهەمبەر پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان هێناو داواشیان کرد پەلە بکرێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

بەڕێز جێگری سەرۆکی کۆمەڵەش وێڕای دڵنیا کردنەوەی ئامادە بوان کە چارەسەری کێشەکانیان دەکەن، ئاماژەشی پێدا کۆمەڵە بەتەنها ماڵی کەس نیە بەڵکو ماڵی هەموو تێکۆشەرێکە و مافی هەموانیشی تێدا پارێزراوە. هەر لەوبارەیەشەوە عیزت سالح ناسراو بە بە عیزەت شەمساوایی نوێنەری پێشمەرگە دێرینەکانی سەکۆی ئازاد بەدێرینی راگەیاند: ئێمە کە ژمارەمان زیاتر لە 500پێشمەرگەی دێرینە لەئەنجامی کۆمەڵی موعانات و گرفتدا هەموو رۆژانی شەممەیەك لە سەکۆی ئازاد کۆدەبینەوە، دوای چەندین هەوڵ و کۆبونەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان. 2006/8/26 لەگەڵ برادەرانی (ك.پ.د.ك) کۆبوینەوە و بریارماندا کۆتایی بەو رەوشە تایبەتەی سەکۆی ئازاد بهێنین و پەیوەندی بکەین بە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانەوە.

لەکۆتاییشیدا عیزەت شەمساوایی گەشبینی خۆی و هەڤاڵەکانی بە چونە ناو کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و چارەسەر کردنی گرفتەکانیان لەو ڕێگەیەوە نیشاندا.

ئاوات

# نمایشێك بۆ پشتگیریی دادگاییکردنی ئەنفالچییەکان

بۆ پشتگیری لەدادگاییکردنی صەدام و داروەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد، سەرلەبەیانی رۆژی 21 / 8 / 2006 لەبەردەم مۆنۆمێنتی ئەنفال لەناحیەی رزگاری بەئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندن، ناوەندی چاك و سەنتەری ئەنفال و ناوەندی کاری هاوبەشی رێکخراوەکان لەگەڵ کەمپینی گەنجانی پاشماوەی ئەنفال لەرزگاری نمایشێکیان پێشکەش کرد، کەسوکاری ئەنفال و لێپرسراوان و جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە ئامادە بوون بۆ بەشداریکردن لەو مەراسیمەدا، لەو کاتەدا ئامادەبووان چەند دەقیقەیەك بۆ رێزلێنان لەقوربانیانی ئەنفال راوەستان، دواتر ئامادەبوان بەشدارییانکرد لەکردنەوەی پێشانگایەك کە لەگۆرەپانی مۆنۆمێنتەکە نمایشکرا، شیاوی باسە کە ئەندامان و سەرۆکی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ئامادەی مەراسیمەکە بوون.

سەیوان / کەلار

# جەماوەری خانەقین داوا دەکەن

## ناوچەکەیان بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان

پاش بلاوبوونەوەی ئەو راپرسییەی کەلەشاری خانەقی بەمەبەستی پچڕانی ناوچەکەیان لەپارێزگای دیالەو خستنەوە سەر هەرێمە کوردستان ئەنجامدرا، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا قایمقامی شاری خانەقین، هەواڵەکەی پشتراستکردەوەو بەرۆژنامەی دێرینی راگەیاند: داوا دەکەن ناوچەکەیان پەیوەندی بەپارێزگاری دیالەوە نەمێنێ و بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەشی راگەیاند لەراپرسییەکدا کەلەو شارە ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە زۆرینەی دانیشتوانی شاری خانەقین بەکوردو عەرەب و تورکمانەوە، دەیانەوێت ناوچەکەیان بخرێتەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان و وتیشی ئەنجومەن و جەماوەری ئەوشارە داوایان لەئەنجومەنی نوێنەران کردووە کەبەگیانێکی دیموکراتیلانە مامەلە لەگەڵ داواکارییەکانی شاری خانەقیندا بکەن.

هەر لەوبارەوە ئەنجومەنی شارەوانی شاری خانەقین بەنوێنەرایەتیی جەماوەری ناوچەکە سەردانی پارێزگاری دیالەیان کردووەو یاداشتێکی تایبەتیان بۆئەو مەبەستە پێشکەشکرد.

# کۆبوونەوەی لقی گەرمیان

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە 2006/8/27، ئەنجوومەنی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەئامادەبوونی ئەندامانی لق و بەسەرپەرشتی کاك شێرزاد باوەنوری سەرۆکی لق، بەمەبەستی چالاککردنی ئیش و کارەکانی لق و بەتایبەت کاروباری پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری لقی گەرمیان و ئەوانەی پلەی ئەندامێتیان بەپێی پەیرەوەی کۆمەلە دراوەتێ، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، هەروەها بەشێکی تری کۆبونەوەکە تایبەت بوو بەناوی ئەو پێشمەر دێرینانەی کەمووچەکەیان لەگەڵ راژەی خەباتیاندا گونجاو نییە کە ناوەکان لەلیستێکدا رێکخراو بۆ ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، بەمەبەستی چارەسەری بەرزکرایەوە.

# هەواڵێك لەرانیەوە

رۆژی 2006/9/3 بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی و نوێنەری لایەنە سیاسیەکان و لقی راپەرینی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان وجەماوەرێکی زۆر مامۆستا عەلی حەمەد بەگ قائیمەقامی پێشووی قەلادزێ وەك قائیمەقامی قەزای رانیە دەست بەکاربوو، لەو بۆنەیەداو لەوەلامی پرسیارێکی رۆژنامەکەماندا دەربارەی ئەو پێشمەرگە دێرینانەی زەوییان وەرنەگرتووە، کاك دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی وتی: برواناکەم پێشمەرگەی دێرین هەبێت و زەوی وەرنەگرتبێت، وتیشی پێشمەرگە دێرینەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و پێویستە کارێکیان بۆ بکرێت شایستەی خەباتەکەیان بێت..

پاشان قائیمقامی تازەی رانیە دەربارەی بەرنامەی خۆی بۆ پێشمەرگە دێرینەکانی ناوچەکە وتی: پێشمەرگەی دێرین رەمزی خەبات و ماندووبوونی گەلەکەمانن، جێگەی شانازی و سەروەری میللەتەکەمانن و شانازیان پێوە دەکەین. هەروەها دەربارەی ئەو پێشمەرگانەی تا ئێستا زەویان وەرنەگرتووە ووتی : هەر پێشمەرگەیەکی دێرین زەوی وەرنەگرتبێ ئێمە بۆی دابین دەکەین، چونکە مافی خۆیانە.

قائمەقامی رانیە بەلێنیشدا هەر پرۆژەیەك لە سنورەکەدا هەبێت جێبەجێبکرێت ئەوا پێشمەرگە دێرینەکان لەریزی پێشەوادا دەبن.

پەیامنێری دێرین- راپەرین